Democratic Party of Iranian Kurdistan

Secretariat

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتاریا

١٣٨٥/١٢/٢٠
2007-03-11

## ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن سکرتاریەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

لەم ڕۆژانەی دواییدا هێندێك ماڵپەڕی کوردی بەشێکی چەواشەکراوی وتووێژێکی هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبیان لەگەڵ ڕۆژنامەی "لوموند" بڵاو کردۆتەوە کە لە زمانی سکرتێری گشتی‌یەوە باسی چالاکیی پژاك ـ باڵی کوردستانی ئێرانی پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K ـ دەکا. لەم باسەدا لە زمان هاوڕێ سکرتێری گشتی‌یەوە دەگێڕێتەوە کە گوایە حیزبی دێموکرات ئەو ڕێکخراوە مەحکووم دەکاو خوازیاری دەرکردنی لە کوردستانی عێراقە.

لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە سیاسەتی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە P.K.K جارێکی دیکە روون بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە دروست کردنی حیزب لە لایەن P.K.K ـەوە بۆ بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە سیاسەتێکی دروست نازانین. ئێمە لەو باوەڕەداین کە کوردەکانی هەرکام لە بەشەکان باشتر دەتوانن بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن‌و شێوازی گەیشتن بەو ئامانجە دیاری بکەن.

بەڵام سەبارەت بەم بەشە لە نووسراوەی ڕۆژنامەی "لوموند" کە لە زمانی سکرتێری حیزبڕا دەڵێ: "پژاك نابێ لە کوردستانی عێراق بمێنێتەوەو ...." ئەو قسەیە بەتەواوی هەڵبەستراوو ناڕاستە. چونکە کوردستانی عێراق بەخۆشیەوە حکوومەتی هەڵبژێردراوی خۆی هەیەو بەرپرسی ئاسایشی سنوورەکانیەتی‌و، بەپێی مەسڵەحەتی خۆی‌و چۆنیەتی پێوەندی‌یەکانی جێگاو ڕێگا بۆ ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان دیاری دەکا. حیزبی دێموکرات پێشنیاری دەرکردنی هیچ ڕێکخراوێك لە سنوورەکانی کوردستانی عێراق ناکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتاریا